# بژار دیلان:

# لەدایکێکی سلێمانی و باوکێکی بادینیم و لە هەولێر گەورە بووم

بژار دیلان وەك دابەشکاری مۆسیقا و ماسترینگ یەکێکە لە هونەرمەندە بە تواناکانی کوردستان، ئەو لە سالأنی نەوەدەکانەوە رووی لە هەندەران کرد، بەڵام لەوێش بەردەوام بوو و کاری بۆ چەندین هونەرمەندی کورد و بیانی کرد، دوای ئەوەی هەستی کرد کە پێویستە ئەو شارەزاییەی کە لە دەرەوەی کوردستان لە ئەنجامی کاری بەردەوام پەیدای کردووە، بگوازێتەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی هونەرمەندانی کورد لە نزیکەوە سوودی لێ وەربگرن، بۆیە ستۆدیۆیەکی لە شاری هەولێر دانا، لە هەمان کاتتدا بەردەوام لە کەناڵ 4 بەشداری لە بەرنامەکاندا دەکات، بژار دیلان دەڵێت، لەشاری دهۆك لەدایك بوویمە، دایکم خەڵکی سلێمانییەو باوکیشم بادینیە، بەڵام هەرکە چاوم بەدنیا هەڵێناوە لە شاری هەولێر ژیاوم بۆیە هەست دەکەم زیاتر هەولێریم، چونکە هەر لێرە گەورە بویمە، بەڵام هونەرەکەم لەلایەن دایکمەوە هاتووە زیاتر ئەو حەزی لە هونەر بوو، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیم لەهەولێر تەواو کرد. زانکۆم لە بەغدا تەواوکرد لەساڵانی نەوەدەکان چوومە دەرەوەی وڵات. لە دەرفەتێکدا بەمشێوەیە هونەرمەند بژار دیلانمان هێنایە ئاخافتن.

دیمانە: رۆشنە



*** سەرەتا چۆن دنیای هونەریت هەڵبژارد؟**

- بـرام میوزیـك ژەن بوو دواتـر لەتیپـی منداڵانـی هەولێرەوە دەسـتم پێكـرد. ئینجا چوومە تیپە رۆژئاواییەكانەوە وتاكو ئێستا هەربەردەوامم، كە لە كوردسـتان بووم حەزم لێبوو كارێكـی وابكەم، بەڵام لایەنی ماددی رێگر بوو لەبەردەم گەیشـتن بەم حەزە. سەرەڕای ئەمەش هەسـتم كرد كە پێویستە سـتۆدیۆیەكم هەبێت، چونكە كارەكانمان لـەلای ئەورووپییەكانەوە دەكرا ئەوان لە مەبەسـتی ئێمە نەدەگەیشـتن بۆ كار كـردن دواتـر هاوڕێكانم هانیـان دام بۆ ئەوەی سـتۆدیۆیەك دانێم. ژمارەیەكی زۆر بەرهەممان ئەنجامدا ئەو ماوەیەش وابوو لەوێ كارمان دەكرد و لەبەرهەمەكان خەرجمان دەكردەوە.

بەم جۆرە تاساڵی ٢٠٠٩ نزیكەی ١٤٠ بەرهەممان بە ئەنجام گەیاند لەوانە ٨٦ كوردی بوو، ئەركی زۆربەی ئەم بەرهەمانەش لەسەر خۆمان بوو.

لەبـەر ئـەوەی لـە ئەورووپـا بـووم جگە لە هونەرمەندانی كورد كارم بۆهونەرمەندی بیانیش كـردووە بۆ نموونە لەگەڵ گۆرانیبێژی یۆنانی و توركی زۆر كارم كردووە هەروەها لە مۆسـیقای پۆپ و ئێرانـی و هیندیش كارم كردووە. لەگەڵ كوردەكانیش وەك برادەرایەتـی بۆنموونە لەگەڵ خوالێخۆشـبوو ئەردەڵان و زەكەریاو ناسر رەزازی و لەیـلا فەریقی، بەڵام زیاتر بـۆ زەكەریاو رۆژ و خوالێخۆشـبوو ئەردەڵان و نەریمان دابەشكردنی مۆسیقام ئەنجامداوە.

*** ئەی لە بواری ئاواز دانان كارت كردووە؟**

- وەك ئاواز كەم كارم كردووە، بەڵام وەك دابەشكردنی میوزیـك كارم زۆر كـردووە. زۆر گۆرانی هەیە نەبۆتە بەرهـەم یان هـەر بڵاونەكراوەتەوە كاری من بووە. من سـتۆدیۆم هەبوو گۆرانیبێژ دەهات لەوانەیە دەنگیشـی ناخۆش بـا، بەڵام من كارم بۆدەكرد، چونكە ئەو كات لەسـەر ئەم ستۆدیۆیە دەژیام.

ئێسـتاش پێوەندیم لەگەڵ هەمـوو هونەرمەندان بەردەوامـە بـۆ نموونـە رۆژكەریم لـەو كاتەی گەڕاوەتەوە كوردسـتان هەر دێتـە لام بۆ كاری هونەری لەبەرهەمەی ئەم جـارەی پێنج گۆرانی هی منە، دانیال و بڵند عەبدوڵلا و چنار ئێستاش هەر دێنە لام.

هەرچەندە ئێسـتا زۆر لە كارەكان لە كوردسـتان ئەنجـام دەدرێن، بەڵام هەسـت دەكرێ كە جۆرە نارێكییەكی پێوە دیارە و نەیانتوانیوە وەك پێویست كارەكان بە جوانی ئەنجام بدەن.

*** رات چۆنە بەرەوشی ئێستای هونەری؟**

-هەموو كەسـێك ئازادە چی دەكا یان چی ناكا، بەڵام لێرەدا رەخنەكە لەمیدیای كوردیە كە هەموو شتێك بڵاو دەكاتەوە، ئەمەیە كێشەكە دواتر ناتوانی دەمی خەڵك بگری بڵێی نابێ گۆرانی بڵێی. من لە داهێنانی تازەدا لەگەڵ تێكەڵ كردندام، چونكە ئێمـە لەرووی ریتم و ئاوازەوە هەژارین بۆیە دەبێ دەوڵەمەندی بكەیـن بەڵام لەگەڵ كۆپیكردن نیم واتا تەرجومە بێت گۆرانیەكی ئینگلیزی بكەیتەوە كوردی. ئەگەر سەیری بەرهەمەكانی من بكەی زۆر موسـیقای رۆژئاوایی تێكەڵ دەكەم. بەڵام ئەمەش شـتێكی كاتییە بەڕای من. ئێمە ئێستا ئیقاعـی هەڵپەڕكێمـان هەیە، بەڵام سـوودمان لێوەرنەگرتـوە. بـەڵام ناوبانـگ و تاموچێژی ئیقاعی شـایی كوردیمان زڕانـدووە. زۆر كەس رەخنەی ئەوەم لێدەگرێت كە بۆچی گۆرانیەكانت هەڵپەڕكێـن، بـەڵام ئەمە كولتـووری ئێمەیە و شـانازی پێوە دەكەم سـەردەمێك گۆرانییەكانی تیپی مۆسیقای سـلێمانی و هەولێر زۆر بەتام و رەسەن بوون، بەڵام ئێستا وانییە.

ئەو گۆرانیانەی كە لە ئاهەنگ و بووك گواستنەوە دەوترێ ئێستا كراوەتە كولتووری میللەتی كوردی و بە كولتووری كوردی ناوی دەبەن.

***سەبارەت بە بارودۆخی خۆت چی دەڵێی؟**

-بەداخـەوە حكومـەت نەیتوانی سـوود لەمن وەربگرێت نازانن بۆچی لەوانەشـە نەزانن كە من لێرەم ئەم كارە دەكەم ئێستا لە گەڕەكی بەختیاری شـاری هەولێر سـتۆدیۆم داناوە، هەروەها ئێستا لەبەشی وەرگێڕان كار دەكەم بۆ زنجیرەكان، پێشتر تەنیا بـۆ گۆرانیبێژ كارم دەكـرد گۆرانیبێژیش بەراسـتی هەژارە و توانای ئـەوەی نییە هەموو ساڵێك بەرهەمێك بكات.

***بۆچی ئێستا لەزەكەریا دابڕاوی؟**

- زەكەریا زیاتر كار لە توركیا دەكات ئەو ئێسـتا سـتایلێكی تایبەتی خـۆی وەرگرتـووە دەبێت بەردەوام بێت لەسـەر ئەم سـتایلەی، چونكە بەم ستایلە ناسـراوە لەلایان هەوادارانی خۆی. ئێستا تەنیـا هاوڕێین گفتوگـۆی هونەریش دەكەین و كارەكانیشی زۆر جوانن، بەڵام رەخنەش هەردەبێت، چونكـە میللەتی ئێمـە وا راهاتوە دەبێت یەكتر بشـكێنینەوە و بێگانە بپەرسـتین، بەشێوەیەكی گشتی یەكێكە لە گۆرانیبێژە سەركەوتووەكان.

***دەڵێن دەنگت خۆشە؟**

-مـن گۆرانیبێژ نیم، بەڵام گۆرانیشـم وتوە لـە١٩٨٨ گۆرانیـم بـۆ كوردسـتان وتووە لەنەوەدەكان بۆ پێشمەرگە گۆرانیم وتووە، بەڵام كاتێك چوومە ئەورووپا وازم هێنا زیاتر كاری سـتۆدیوم كرد. حەز لەسـتایلی رۆژئاوایی دەكەم. دوو گۆرانیم هەیە یەكێكیانم سەری ساڵ وت بە ستایلی رۆژئاوایی.

***چ كارێـك دەكـەی لەكەنـاڵ چوار و كۆرەك؟**

- مـن كار لـەوێ ناكەم كاری میوزیك دەكەم مۆسـیقای تایتل و مۆسیقای رێكلام، ئێستا خەریكی دۆبلاژكردنی درمای (جیتاناسم) و تەنیا بۆ كەناڵ چوار كاری دۆبلاژ دەكەم، چونكە تەنیا بەوە رادەگەم.

*** لەگەڵ هونەرمەندە گەورەكان كارت كردووە؟**

دوایـن كۆنسـێرتی هونەرمەند تەحسـین تەها مۆسـیقاتم بۆ لێدا، من و زەكەریا بڵند یادگاریم زۆر لەگـەڵ هونەرمەندە كۆنـەكان هەیە. زۆر موعجبی شەخسیەتی محەمەد جزا بووم.

*** منداڵێكی چۆن بووی؟**

-منداڵێكـی فەقیر بووم، بـەڵام كاتێك چوومە ناوەنـدی هار و هاج بـووم، چونكە لە قوتابخانە كە منداڵـەكان هەموویان هار و هـاج بوون دەبا منیش وابام.

*** دەڵێن رەفزت وەرگرتووە؟ و بۆچی سەرت هەر رووتە؟**

- منیـش وەكو هەموو گەنجێك رەفزم وەرگرتووە، بەڵام گەر یەكێكم خۆش بوویت خۆم بەشـێوەیەك نیشان دەدەم كە رەفزم پێنەدا. خۆشەویستی خۆشم هەیە.

سەبارەت بە سـەر رووتیش پێموایە بێقژ جوانترم، چونكـە قژم لێنایەت. شەخسـیەتی بژار بێ قژ جوانترە هەروەها مەسرەفیشی كەمترە.



# راغیده پشتگیری له گرووپی 14ی ئادار دەکات و لەدوارۆژی لوبنان دەترسێ

بارودۆخی نالەباری سیاسی لە لوبنان وایکردووە کە راگەیاندنکار و هونەرمەندان و رۆشـــنبیرانیش بێنە نێو باســەکان و لایەنگری و دژایەتی خۆیان بۆ لایەنە پێك ناکۆکەکان دەربـبــڕن، یەکێك لەو راگەیاندنکارە ناودارانەی لوبنان کە بەم دواییە خزایە نێو ئەم ململانێیەوە، (راغیدە شەلهوب)ـە کە دەربارەی بارودۆخی سیاســی لوبنــان دەڵێت: من پشــتگیری لە گرووپی ١٤ی ئــادار دەکەم، بەڵام ئەم پشتگیرییەم بەشێوەیەکی کوێرانە نییە، چونکــە من چاو لە هەڵەی ســەرکردەکانی ناپۆشــم، هیوادارم لوبنان لەم قەیرانە سیاسییەی ئێستا دەربــازی ببێت کــە وڵاتەکەمانی خســتۆتە نێو گێژاوەیــەك، بەڵام هیوادارم لەمەشــدا گەلی لوبنانی سەربکەوێت، چونکە ئێمەی لوبنان هەر کــە لەدایك دەبیــن هەوای ئازادی هەڵدەمژین.

راغیدە ترســی خۆی لە بارودۆخی ئێستای لوبنان نەشاردەوە و لە دیمانەیەکیدا لەگــەڵ رۆژنامــەی (الجریــدە)دا دەڵێ: بارودۆخی ئێستا مایەی ترس و نیگەرانییە بۆ من و زۆریش لە دوارۆژی وڵاتەکەم دەترسم بۆیە هەرچەندە من زۆر پەیوەســتم بە وڵات و کەسوکارەکانمەوە، بەڵام زۆر جار بیر لە جێهێشــتنی لوبنانیش دەکەمەوە بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارە.





# مەها نەصار: رۆژئاواییەکان زیاتر قەدرم دەزانن

مەها نەصار لە نمایشکاری جلوبەرگەوە ناسراو و دوای ئەوەی سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەســتهێنا رووی لە کاری نواندن کرد، دەربارەی روو کردنە بواری نواندن دەڵێ: هەر لە ســەرەتاوە هەوڵمدا خۆم تەنیا بە لایەنێکەوە نەبەســتمەوە و ببم بە هونەرمەندێکی گشــتی، بۆیە دەستم بە خوێندن کرد لە پەیمانگای هونەرەکانی شانۆ و وای لێهات گۆرانیشم دەوت، ئەمە جگە لەوەی لە بواری بالێش چەند کۆرسێکم خوێند.

دەربارەی جیاوازی نێوان دیزاینەری جلوبەرگی میســری و رۆژئاواییەکان مەها دەڵێ: دیزاینەرە رۆژئاواییەکان زیاتر لە میســریەکان دەزانن چۆن سوود لــە تواناکانی من وەربگرن، زۆر بە وردی دەڕواننە سرووشــتی دەموچاوم کە زۆر لە لاتینیەکانەوە نزیکە لەگەڵ پێوەرەکانی لەشــم بۆیە حەز دەکەم کاریان لەگەڵــدا بکەم، کەچی لەگەڵ میســریەکان خۆم بە نامــۆ دەبینم، چونکە نمایشــکارەکان باڵایان زۆر بەرز نییە، بەڵام هەســت دەکەم لە میسریش ئەمە خەریکە دەگۆڕێت.

# لەبەر ناوبانگ کیرا لە مێردەکەی جیابۆوە

ئەســتێرەی ســینەمایی بریتانی کیرا نایتلی پاڵەوانی فیلمی (<زا بایرتس أوف ژا کاریبیان>) دوای پێوەندییەکی پێنج ساڵی بە هاوڕێیەکەی جیابۆوە.

لەم بارەیەوە باوکی نایتلی بۆ رۆژنامەی (زە سەن)ی بەریتانی وتی: کییرا و رۆبێرت فرینــدی ئەکتەر و هاوڕێی جیابوونەتەوە دوای پێنج ســاڵ لە پێوەندی، هەرچەندە جیابوونەوە زەحمەتــە، بەڵام کیرا لەمەودوا گرنگی زیاتــر بە کارەکانی خۆی دەدات.

بەپێی سەرچاوە نزیکەکان لە کیرا کە سەروەتەکەی بە ٣٠ ملیۆن جونەیهی ئیســترلینی دەخەملێندرێت ئەو فشــارە زۆرەی دەزگاکانــی راگەیاندن لەســەر هەردووکیان دروســتیان کردبوو هۆکارێك بــوو بۆ تێکچوونی پێوەندییەکانیان، هەمان ســەرچاوە ئەوەشــی راگەیاند کە رۆبیرت زۆر رقی لەوەیــە لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنــەوە چاودێری بکرێت و خەریکــی گرتنی وێنەکانی بن، بەڵام کیرا ئەمەی پێ ئاســاییە و پێیوایــە دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر ناوبانگ دەربکات، ئەمەش خۆی لەخۆیدا هۆکارێك بوو بــۆ تێکچوونی پێوەندی نێوانیان بۆیە بڕیاریاندا جیا ببنەوە.



## جۆلیان مۆر ئافرەتی ساڵی 2011



یانەی دراما لە زانكۆی هارڤاردی ئەمریكی كە ناسراوە بە (هاستی بۆدنگ تیاتریكالەر) رایگەیاند كە جۆلیان مۆری خانمە ئەكتەر هەڵبژاردووە بۆ خەڵاتی ئافرەتی ساڵی ٢٠١١ كە ساڵانە ئەم خەڵاتە پێشكەشی ئافرەتێكی دەكات.
هەر بەم بۆنەیەوە خەڵاتێكی تایبەتی پێشكەشی بە جۆلیان كرد لە هۆڵێكی حەرەمی زانكۆی ناوبراو، جۆلیان تا ئێستا رۆڵی پاڵەوانی بینیوە لە چەندین فیلمدا لەوانە (زە ئەزەر، كاتژمێرەكان، و فار فرۆم هیڤن، و منداڵەكان سەلامەتن) شایەنی باسە ساڵی رابردوو یانەی ناوبراو خەڵاتی ئافرەتی ساڵی پێشكەش بە ئان هاساوای كرد.



## ئەڵمانیا رێگە بە نمایش كردنی (دۆڵی گورگەكان- فەلەستین) نادات

بریار وابوو رۆژی ٢٠١١/١/٢٧ فیلمی (دۆڵی گورگەكان-فەلەستین) لە خانەكانی سینەمای ئەڵمانیا نمایش بكرێت، بەڵام دەزگای چاودێری هونەری ئەڵمانی رازی نەبوون لەسەر فیلمەكە و رێگەیان بە نمایشكردنی نەدا.
كۆمپانیای (برا) كە بەرپرسە لە بڵاوكردنەوەی فیلمەكە سكاڵایەكی بەرز كردەوە بۆ دادگا دژی بریاری رێگە نەدان بەم فیلمە، دەزگاكانی راگەیاندنی ئەڵمانیاش بڵاویان كردەوە كە ئەم فیلمە دژایەتییەكی ئاشكرای ئیسرائیل و ئەمریكای تێدایە، لەلایەن خۆیانەوە حزبە سیاسییەكانی ئەڵمانیا رایانگەیاند كە نمایشكردنی ئەم فیلمە مایەی شەرمەزارییە، شایەنی وتنە ئەم فیلمە باس لە مامەڵەی ئیسرائیلییەكان دەكات لەگەڵ فەلەستینییەكان.
سەرچاوە ماڵپەری اخبار العالم

## میلا: چەندین ساڵ بە یەک چاو بووە



كچە ئەكتەری ئۆكرانی میلا كۆنیس ئاشكرای كرد كە بۆ ماوەی چەندین ساڵ تەنیا بە یەك چاو دەیبینی، میلا بە گۆڤاری (كۆزموپۆلیتیان)ی ئەمریكی رایگەیاند: من تەنیا یەك چاوم دەیبینی بۆ ماوەی چەندین ساڵ و كەسیش بەمەی نەدەزانی، بەڵام دواتر لە رێگەی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەكی سەركەوتوو هاوێنەیەكیان بۆ چاوم دانا و چاوم ئێستا دەبینێ.
شایەنی وتنە ئێستا میلا لە فیلمی (قازی رەش) رۆڵی پاڵەوان دەبینێت و بەم دواییەش لە ئەكتەری ئەمریكی مكۆلی كالكنی خۆشەویستی جیابۆوە.



# چۆپی (بە قوربان) کلیپ دەکات

خانمە هونەرمەند چۆپی فەتاح خەریکی تۆمارکردنی کلیپی گۆرانی (بە قوربان)، کە یەکێکە لە گۆرانییەکانی هونەرمەندی نەمر عەلی مەردان و یەکێکە لە گۆرانییەکانی بەرهەمی مەقاماتی خانمە هونەرمەند چۆپی.

ئەم کلیپە لەلایەن کەناڵی (کورد یەك)ەوە کاری بۆ دەکرێت کە لە دەرهێنان و وێنەگرتنی سامان عەدنان و مۆنتاژی لەلایەن کاروان زامدارەوەیە، دیمەنەکانی ئەم کلیپە لە قەڵای دێرینی شاری هەولێر گیراون.





## شانۆگەری لەچاوتروکانێک نمایش دەکرێ

لەنوێترین کاری خۆیداو وەك یەکەم نمایشی ساڵی نوێی ٢٠١١ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر- بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر شانۆگەری لەچاوتروکانێك لە دەرهێنانی محەمەد جەمیل نمایش دەکرێ.

ئەم شانۆگەرییە کە لە ئامادەکردن و دەرهێنانی هونەرمەند محەمەد جەمیلەو هەریەك لە»دلڤین موحسین، سایە حوسێن، رۆژین» تێیدا وەك ئەکتەر بەشدارن، بڕیارە لە سەرەتای مانگی ٢ نمایش بکرێ.

لە لێدوانێکی تایبەتدا محەمەد جەمیلی دەرهێنەر وتی»دوای ماندووبوونێکی زۆر بڕیارە لە سەرەتای مانگی شوباتدا شانۆگەری لەچاوتروکانێك لە هۆڵی گەلی شاری هەولێر نمایش بکەین.

محەمەد جەمیل وتیشی»ئەم شانۆگەرییە دەقێکی جیهانییەو خۆم کاری ئامادەکردنم بۆی ئەنجامداوەو لەگەڵ رووداو واقیعییەکانی کوردستان گونجاندوومە، هەروەك کۆمەڵێك شتی نوێ لە نمایشەکە دەبینرێ».

شایانی باسە ئەم شانۆییە دەبێتە یەکەم نمایشی شانۆیی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر کە لە ساڵی تازەدا نمایش بکرێت.

## مانۆ خەلیل باخچەکانی بەهەشت دەباتە بەرلین





فیلمی دیکۆدرامی باخچەکانی بەهەشت «Our garden of Eden" لە دەرهێنانی مانۆ خەلیل، بەشداری لە ٦١مین خولی فیستیڤاڵی سینەمایی نێودەوڵەتی بەرلین دەکات.

مانۆ خەلیل دەرهێنەری رۆژهەڵاتی کوردستان لەلێدوانێکدا راگەیاند: نوێترین کارم فیلمێکی دیکۆدرامایییەو وەك یەکێك لە فیلمە بەشدارەکانی خولی ئەمساڵی فیستیڤاڵی سینەمایی بەرلین هەڵبژێردراوە.

مانۆ وتیشی: ئەم فیلمە لەبەشی چێژوەرگرتن لەو فیستیڤاڵەدا نمایشدەکرێت، روونیشیکردەوە کە ئەم بەشە چەند مەرجێکی بۆ فیلمە بەشداربووەکان هەیە، دەبێت لەئاستێکی هونەری بەرزدا بێت، چارەسەری بۆ پێکەوە ژیانی مرۆڤایەتی هەبێت بەتایبەتی لەڕووی پێوەندی مرۆڤ بەژینگەوە، هەروەها دەبێت خواردن لە فیلمەکەدا بوونی هەبێت.

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد ساڵانە (١٠) فیلم بۆ ئەو بەشە هەڵدەبژێردرێن و لە هۆڵی شانۆیی مارتن-گروبیوس- باوس، نمایش دەکرێن و دواتر بینەران ئەو خواردنە دەخۆن کە لەفیلمەکەدا بوونی هەبووە.

ئەم فیستیڤاڵە بە بەشداری چەندین فیلم لە چەندین وڵاتی جیهانی و بەنمایشکردنیان لەچەندین بەشی جۆراوجۆر لەفیستیڤاڵدا، لە ١٠-٢٠ شوبات/ فبرایەری ئەمساڵ بەڕێوەدەچێت.

شایانی باسە فیلمی باخچەکانی بەهەشت دوای ئەوەی پارساڵ بۆ ماوەی ١٧ هەفتە لەهۆڵە سینەماییەکانی سویسرا و چەند کەناڵێکی جیهانی نمایشکرا، توانی خەڵاتی سینەمایی بیێرن بۆ ساڵی (٢٠١٠) بە دەست بێنێت.





# کوڕی بابل فیلمێکی کوردییە بە عەقڵی عارەبی

موحسین محەمەد



سینەماکاری لاو محەمەد دەراجی هونەرمەندێکی عەرەبی عێراقیە لە وڵاتی هۆڵەندە دەژی سێ فیلمی داستانی درێژی هەیە، لە دوای ئەحلام، خۆشەویستی جەنگ شێتی فیلمی دووەمی بوو، کوڕی بابلیش دوایین فیلمی ئەو دەرهێنەرەیە. لە فیستیڤاڵی قاهیرەی سینەمایی خەڵاتی سیناریۆی بەنیوەیی لەگەڵ فیلمی لوبنانی (گوللەی وێڵ ) بەدەست هێنا.

فیلمەکە بەرهەمی ساڵی 2009یە، چەندین وڵات لەبەرهەمهێنانی ئەم فیلمە بەشداریان کردووە، لەوانە: عێراق، میسر، ئیمارات، هۆڵەندە، فەرەنسا، بەریتانیا. لە فیستیڤاڵی بەرلین خەڵاتی ڕێکخراوی لێبووردەیی نێودەوڵەتی بەدەست هێناوە، بەپێی سایتی ئیلاف فیلمەکە پاڵێوراوە بۆ ئۆسکاری 2011. فیلمی کوڕی بابل لەسەرەتا تا کۆتایی کوردییە، جگە لەو دواندنانە نەبێ کە چەند کارەکتەرێکی عەرەب لە ڕەوتی چیرۆکەکەدا بەشدارن. فیلمەکەلە ڕووی ستایلەوە، فیلمی ڕێگایە لایەنی داستانی و دیکۆمێنتی لەخۆی دەگرێ.

لەبەر سێ هۆی سەرەکی: چیرۆکەکە، ناوی فیلمەکە، شێوازی فیلمەکە، سینەماکاران و نووسەرانی ئەم بوارەی کوردستان پێویستە بەشدار بن لە گۆڕینەوەی بیروڕا لەگەڵ سینەماکاران و ڕۆشنبیرانی عەرەب.

پوختەی فیلمەکە بەم شێوەیە: ئەحمەدی دوانزە ساڵان (یاسر تالب) باوکی لە دوای جەنگی دووەمی کەنداوەوە بێسەروشوێنە، دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری، بۆ دۆزینەوەی ئیبراهیمی باوك؛ گوایە لە بەندیخانەی ناسریە بینراوە، لەگەڵ داپیرەی، (شازاد حوسێن) دایکی باوکی دەکەونە ڕێ. ئەوان دوای دەردەسەریەکی زۆر، هیچ نادۆزنەوە، داپیرە دوای ئەوەی لەو سەربازە عەرەبە (بەشیر ئەلمەجید) دەبووری کە بەناچاری بەشداری لە تاوانەکانی ڕژێمی سەدامدا کردووە، لە بەر دەرگای عەشتار لەناو پیکابێك کۆچی دوایی دەکا، ئەحمەدیش بەهەناسەو چاوی پڕ لە گریان بەهەرچوار لای خۆی دەڕوانێ، فیلمەکە تەواو دەبێ.

فیلمەکە ناوی (کوڕی بابل)ـە، دەرهێنەر محمەد دەراجی لە کۆڕی ڕەخنەیی فیستیڤاڵەکە، ڕاشکاوانە وتی: هەموو عێراقیەکان بەبێ جیاوازی کوڕی بابلن. ئەو قسەیەی دەرهێنەر لە سایتەکاندا بڵاوکرایەوە، تاوەکو ئەمڕۆش بێدەنگی لەو قسەیەی دەرهێنەر کراوە.

ڕاستیەکەی فیلمەکە پڕە لە هەستی مرۆڤانە، زۆریش بە ڕاستگۆیی ئازاری ئەو دایکانەی دەردەبڕی کە کوڕەکانیان بزرن.

ئەو هەستی پڕ لە ڕاستگۆیی فیلمەکە؛ ڕێگەی بەمن نەدا، ڕەخنە لە فیلمەکە بگرم، ئەگینا دەبوایە من یەکەم کەس بم، بە بینەران و دەرهێنەر بڵێم: ببوورە ئێمە کوڕی بابل نین، ئێە سەر بە شارستانیەتێکی زۆر جیاوازین، لاریشم لەوە نییە، ئەگەر بابل وەکو سیمبۆل بۆ ناوی ئێراق بەکار هاتبێت، چونکە لە ڕاستیدا فیلمەکە لە ڕەوتی چیرۆکەکەیدا بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بەوە ناکات کوردەکان بابلی بن، گێڕانەوەی چیرۆك لەلایەن داپیرەی ئەحمەدی کورد، هەمان وێنەی داپیرەیەکی عەرەبە بۆ نەوەکەی، دەرهێنەر ئەو خەیاڵەی لە ڕێگەی دایکێکی کورد بۆ ناونیشانی فیلمەکەی وێنا کردووە.

مردنی داپیرە لەبەردەم دەرگای عەشتار لە ڕووی ستاتیکای سینەماوە زۆر قووڵ بوو، لە ڕەوتی شێوازی فیلمەکەش، وەکو فیلمێکی ڕێگا لۆژیکی تێدایە. لە بەر ئەمە من ئەو مافە بە ناونیشانی فیلمەکە دەدەم.

عێراقیش وەکو وڵات لە جیهاندا بە شارستانیەتی بابیلۆن ناسراوە، لەو گۆشە نیگایەوە دەکرێ ئێمە فیلمی کوری بابل بە فیلمی خۆمانی بزانین.

فیلمەکەمان ئێستا بۆ خەڵاتی ئۆسکاری فیلمی بیانی لە ئەمریکا پاڵێوراوە، کەواتە ئەرکی ڕۆشنبیرانی کوردی ئەم بوارە هونەرییە قورستر دەکەوێتەوە، پێویستە شوێن پێی فیلمەکە بکەوین، کورد قسەی خۆی هەبێ لەو ڕێورەسمانەی کە فیلمەکەی تیادا نیشان دەدرێ. دەبێ بەبینەرانی ئەوفیلمە بڵێین: کورد نەوەی بابلیەکان نین، ئێمە سەر بەشارستانیەتێکی زۆر جیاوازین، بەڵام لاریمان لەوە نییە ئەگەر تەنیا وەکو سیمبۆل، پێناسەی عێراقی پێبکرێ هەرچەندە بیروڕای جیاواز هەیە دەڵێت: شارستانیەتی بابیلۆن شارستانیەتێکی عارەبی نییە.

نکۆڵی لەو ڕاستیە ناکرێ، زۆربەی عەرەبەکان شارستانیەتی بابلی بە شارستانیەتێکی عەرەبی دەزانن، ئێمەش ناتوانین ئەو مافە لەوان بسەنینەوە، بەڵام دەتوانین پێیان بڵێین، ئێمە بابلی نین. بابەتی فیلمی کوڕی بابل کێشەی مرۆیی کوردە نەك زەوی. دەرهێنەر لە ڕێگەی ناوی فیلمەکەو، کۆچی دایکی ئیبراهیم لەبەردەم دەرگای عەشتار، ئێمە ناچار دەکات بچینە ناو ئەو دیالۆگەوە. دەبێ زۆر وریا بین هەستی ئەو هونەرمەندە بریندار نەکەین. دەراجی فیلمێکی کوردی زۆر جوانی داهێناوە، ئازاری کوردی بەرجەستە کردووە، هەر بەزمانی کوردیش نمایش دەکرێ.

بینەری کورد هەر کە فیلمەکە دەبینێ ناونیشانەکەی بە بیردێتەوە دوچاری ناکۆکی دەبێ، ئینجا لە گۆڕینەوەی بیروڕا پێویستە ڕەچاوی جۆرە عەقڵانیەتێك بکرێ دووربێ لە هەڵچوونی هەست و سۆزی نەتەوەیی، بۆ ئەوەی هونەرەکەو هونەرمەندەکە لەدەست نەدەین. دۆخێك نەخولقێنین ڕۆحیەتی توندڕەوانەی تێدابێت، لە ئاکامدا دۆستەکانمان لەو بوارە هونەریەدا لەدەست بدەین.